# "موزاحیم"

ن: خۆرخێ لوییس بۆرخێس

و: کامیل نەجاڕی

ئەوان ئیدیعا دەکەن (ئەگەرچی شیمانەکەی زۆر لاوازە) "ئێدواردۆ"، برا چکۆلەی برایانی نیلسۆن، لە سەر تەرمی کریستیانی برا گەورەی، کە بە مردنی سروشتی لە یەکێك لە ساڵەکانی ١٨٩٠ لە ناوچەی مۆرن مرد، چیرۆکەکەی گێڕاوەتەوە. بە دڵنیاییەوە بە درێژایی ئەو شەوە دوور و درێژە بێ دەرئەنجامە، لە کاتی خواردنەوەی ماتە١دا، دەبێ کەسێك لە کەسێکی تری بیستبێ و بۆ سانتیاگۆدابووەی گێڕابێتەوە. ئەو کەسەی کە چیرۆکەکەی بۆ من گێڕاوە.

ساڵیانێك دواتر لە "توردرا" واتا هەر ئەو شوێنەی بەسەرهاتەکە لەوێ روویدابوو، سەر لە نوێ بۆیان گێڕامەوە. چیرۆکی دووهەم کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پڕ وردەکاریتر و درێژتر بوو، بە هێندێك گۆڕانکاریی و جێگۆرکێی بچووك و ئاسایی، چیرۆکەکەی سانتیاگۆی تەواو کرد. من دەینووسمەوە چونکە ئەگەر بە هەڵە نەچووبێتم ئەو چیرۆکە کورت و خەمبارە، دەربڕی بارودۆخی پڕ توندوتیژیی ژیانی ئەو سەردەمانە لە کەناری رووباری "پلاتە"یە. من بە وردی و بە وەسواسێکی زۆرەوە ئەو چیرۆکە دێنمە سەر کاغەز، بەڵام لە ئێستاوە خۆم دەبینم کە لەبەرامبەر وەسوەسەکانی نووسەر دا خۆم بە دەستەوە دەدەم و هێندێك لە خاڵەکان بەرجەستە دەکەمەوە و رێگای زێدەبێژی دەگرمە بەر.

لە توردرا ئەوانیان بە ناوی "نیلسۆنەکان" دەناسی. قەشەی ناوچەکە بە منی کوت باپیرەگەورەی ئەو، بە سەمەرەییەوە وەبیری دەهاتەوە کە لە ماڵی ئەوان دا کتێبێکی پیرۆزی کۆنی دیتووە، بە رووبەرگێکی رەش و پیتی گوتیك، لە دوایین لاپەڕەکانی دا، ئەو ناو و رێکەوتانەی بە دەست نووسرابوونەوە، سەرنجیان راکێشابوو. ئەوە تەنیا کتێبی ئەو خانووە بوو. بەدبەختییە تۆمارکراوەکانی نیلسۆنەکان بزر بوو وەك چۆن هەموو شتێك بزر دەبێ. خانووە کۆنەکە کە ئێستا ئیتر بوونی نییە، لە کەرپووچی خاو دروست کرابوو، لە لای دالانەکەوە مرۆڤ دەیتوانی حەوشەیەکی داپۆشراو بە کاشیی رەنگی و حەوشەیەکی تر بە رووبەری خۆڵینەوە ببینێ. لە هەر حاڵ دا ژمارەیەکی کەم سەردانی ئەو شوێنەیان کردبوو، نیلسۆنەکان بە نیسبەت ژیانی کەسێنیی خۆیانەوە ئێرەیی بەر بوون. لە ژوورە رووخاوەکان دا لەسەر قەرەوێڵەی

سەفەری دەخەوتن. ژیانیان لە ئەسپ و ئامرازەکانی ئەسپسواری، خەنجەری تیغە کورت، خۆشگوزەرانیی پڕهاتوهاوار لە ڕۆژانی شەممە و مەستبوونی هێرشبەرانە دا کورت دەکرایەوە. دەزانم کە ئەوان باڵابەرز بوون و قژێکی سووریان هەبوو کە هەمیشە بە درێژی دەیانهێشتەوە. دانمارك، ئیرلەند، ئەو جێگایانەی کە تەنانەت هیچ باسێکیشیان لەبارەیانەوە نەبیستبوو، شاگەشکەی دەکردن.

هاوسێکان لێیان دەترسان، هەر بەو شێوەیەی کە لە هەموو قژ سوورەکان دەترسان و دوور نەبوو خوێنی کەسێکیان لە ئەستۆ بێ. جارێك شان بە شان لەگەڵ پۆلیس تێوەگلابوون. دەیانکوت برا چکۆلە لەگەڵ "خوان ئیبێر" بەشەڕ هاتووە و لێدانیشی لێ نەخواردووە و وەك ئێمە بیستوومانە ئەوە زۆر سەرنجڕاکێشە. ئەوان گاوان، شوانی مەڕ و ماڵات و جەردە بوون و هێندێك جاریش دەستبڕیان دەکرد. بە لەچەری بەناوبانگ بوون. جگە لەو کاتانەی کە قومار و شەرابخواردنەوە دەست و دڵ ئاوای دەکردن. لەمەڕ باب و باپیرانیان و ئەوەی کە لە کوێوە هاتوون، کەس هیچی نەدەزانی. ئەوان خاوەنی عارەبانەیەك و جووتێك گا بوون. لە باری جەستەییەوە بە تەواوی لەناو ئەو جەماوەرە مل ئەستوورەی گەڕەك دا کە ناوی خراپیان بە "کوستابراوا" بە قەرز دابوو، دەناسرانەوە. ئەمە و گەلێك شتی تریش کە ئێمە نایزانین، یارمەتیی روون کردنەوەی ئەو بابەتە دەدات کە ئەوان چەندە لەیەك نزیك بوون. تێکەوتن لەگەڵ یەکێك لەوان بە واتای دروست کردنی دوو دوژمن بوو.

نیلسۆنەکان عەیاش بوون بەڵام عەشقبازییە وەحشیانەکانی ئەوان تا ئەو کات تەنیا لە ناو سالۆنەکان و قەحبەخانەکان دا بەرتەسك ببۆوە. هەر بۆیەش کاتێك کریستیان، خولیانا بۆرگێسی هێنا کە لەگەڵی بژی خەڵکی گەڕەك دەستیان لە قسەوباس هەڵنەگرت. راستە کە ئەو بەم شێوەیە خزمەتکارێکی بۆ خۆی دابین کرد، بەڵام ئەوەش ڕەاستە کە هەموو لەشی بە زێڕ و زیوی بریقەدار رازاندەوە و لە جێژنەکان دا لەگەڵ خۆی دەیبرد. لە جێژنە فەقیرانەکانی کرێچییەکان، ئەو شوێنەی کە فیگۆرە ڕیکەوەنووساوەکانی تانگۆ قەدەغە بوو و لە کاتی سەما دا دوو لایەن مەودایەکی جێ سەرنجیان لە نێوان خۆیان دا دەپاراست. خولیانا رەش پێست بوو، چاوەکانی گەورە و بادامی بوون و هەر کاتێك سەیرت کردبایە پێدەکەنی. لە ناوچەی فەقیرنشین دا کە کار کردن و کەمتەرخەمی ژنان لەنێو دەبات، ئەو بە هیچ شێوەیەك بەژن و باڵایەکی ناشیرینی نەبوو.

سەرەتا ئێدواردۆ لەگەڵیان بۆ ئەملا و ئەولا دەچوو. پاشان بۆ کار یا بە هۆیەکی تر سەفەرێکی بۆ ئارسیفس کرد. لەو سەفەرە لەگەڵ خۆی کچێکی هێناوە کە لە قەراغ جادە هەڵیگرتبوو. پاش چەند رۆژێك ئەوی لە ماڵ وەدەرنا. هەر رۆژ بە

ڕوبیانووتر لە ڕۆژی پێشوو دەبوو و بە تەنیا دەچووە باڕی گەڕەك و مەستی دەكرد و كاری بە كاری كەس نەبوو. ئەو عاشقی دۆستەكەی كریستیان ببوو. دراوسێكان كە وێدەچوو بەر لە خۆی ئاگاداری ئەم بابەتە ببوون، بە شەوقێكی دوژمنكارانەوە چاوەڕێی هەڤڕكێی شاراوەی نێوان جووتە برا بوون.

شەوێك كاتێك ئیدواردۆ شەودرەنگان لە باڕی گەڕەك دەگەڕاوە ئەسپە رەشەكەی كریستیانی بینی كە بە محەجەرییەكانەوە بەسترابۆوە. لە حەوشەكە دا برا گەورە چاوەڕوانی بوو و جلی دەرەوەی لەبەر كردبوو. ژنە دەهات و دەچوو و ماتەی دەهێنا.

كریستیان بە ئێدواردۆی كوت: "دەچمە شوێنی فاریاس بۆ میوانی. خولیانا لە لای تۆ دەمێنێتەوە. ئەگەر كەیفت دەیگرێ دەتوانی خەریكی بی"

ئەوەی بە ڕاوێژێكی نیوە فەرمان و نیوە دۆستانە كوت. ئێدواردۆ بێدەنگ مایەوە و چاوی تێبڕی. نەیدەزانی چ بكات. كریستیان هەستا و تەنیا لەگەڵ ئێدواردۆ ماڵاوایی كرد، خولیانا بۆ ئەو وەك كەرەسەیەك وا بوو. خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەكەی و بە بێخەیاڵییەوە دوور بۆوە.

لەم شەوە بەدواوە هەردووكیان لەگەڵ ئەو ژنە رایاندەبوارد. هیچ كەس وردەكارییەكانی ئەو پەیوەندییە گڵاوەی نەدەزانی، ئەم بابەتە خەڵكە نەجیمەكەی ئەو گەڕەكە فەقیر نشینەی توورە كرد. ئەو بارودۆخە چەند حەوتوویەك درێژەی هەبوو بەڵام نەدەكرا هەروا بمێنێتەوە. جووتە برا لە نێو خۆشیان دا تەنانەت ئەو كاتەی كە دەیانهەویست بانگی جولیانا بكەن ناویان نەدەهێنا. بەڵام بانگیان دەكرد و بیانوویەكیان بۆ  گەنگەشە دەدۆزییەوە. دمەقڕەی ئەوان لەسەر فرۆشتنی پێست نەبوو بەڵكوو لەسەر شتی تر بوو. بە بێ ئەوەی ئاگادار بن رۆژ لەگەڵ رۆژ ئێرەیی بەرتر دەبوون. لەو گەڕەكە پڕ لە توندوتیژییە دا، هیچ پیاوێك، هیچ كات بۆ خەڵك یا بۆخۆی ئاشكرای نەدەكرد كە ژنێك گرینگییەكی ئەوتۆی بۆی هەیە. مەگەر وەك شتێك كە حەز دەجووڵێنێ و دەبێتە موڵكی ئەو. بەڵام ئەو جووتە ئاشق ببوون و ئەوەش بۆ ئەوان جۆرێك سووك بوون بوو. پاش نیوەڕۆیەك لە مەیدانی لوماس، ئێدواردۆ تووشی خوان ئیبێررا بوو. خوان پیرۆزبایی لێ كرد كە توانیوێتی ئەو كۆترە جوانە لە تۆڕ بدا. پێم وایە ئەوكاتە بوو كە ئێدواردۆ تێهەڵدانێكی خەستی لێدا. كەس بۆی نەبوو لە لای ئەو گاڵتە بە كریستیان بكا.

ژنەكە بە تەسلیم بوونێكی حەیوانییەوە بە هەردووكیان رادەگەیشت بەڵام نەیدەتوانی حەزی زیاتری خۆی بە نیسبەت برا لاوەكەوە، كە ئەگەرچی لەبەرامبەر ئەو پەیماننامەیە ناڕەزایی دەرنەبڕیبوو بەڵام داواشی نەكردبوو، بشارێتەوە.

ڕۆژێك بە خولیانایان کوت لە حەوشی یەکەمەوە دوو کورسییان بۆ بێنیٚ و خۆیشی موزاحیم نەبیٚ. چونکە دەیانویست لەگەڵ یەك قسە بکەن. خولیانا کە چاوەڕوانیی قسەوباسێکی دوور و درێژی دەکرد بۆ خەوی پاش نیوەڕۆ ڕاکشا بەڵام هەر زۆر زوو بانگ کرا. مەجبووریان کرد هەرچی هەیەتی بیپێچێتەوە و تەسبێحی شووشەیی و خاچێکی بچووکی نەخشدار کە لە دایکییەوە بۆی بە میرات مابوو بەجیٚ نەهێڵیٚ. بە بیٚ هیچ ڕوونکردنەوەیەك خستیانە ناو عەرەبانەکەوە و بەرەو سەفەرێکی بیٚ وتە و پشووپڕ وەڕیٚ کەوتن. باران باریبوو و تێپەڕین بە ناو جادەکان دا زۆر زەحمەت بوو. کاتژمێر یازدەی شەو گەیشتنە "مۆرون". دایانە دەست ژنە بەرپرسی قەحبەخانەیەك. دانوستانەکان پێشتر کرابوون و کریستیان پارەکەی وەرگرت و پاشان لەگەڵ ئێدواردۆ بەشی کرد .

لە تۆردرا، نیلسۆنەکان لە هەمانکات دا کە بۆ دەربازبوون لە ڕایەڵە و تان و پۆی ئەوینە بەسامەکەیان تەقەلایان دەکرد (کە وەها شتێك وەك عادەتێك وابوو) هەوڵیان دا شێوازەکانی پێشوویان دەست پێبکەنەوە و پیاوێك بن لە نێو پیاوان دا. گەڕانەوە سەر یاریگەلێکی وەك پۆکێر و شەڕ و تێهەڵدان و خواردنەوەی جاربەجار. هێندێك جار، ڕەنگە وایاندەزانی کە ڕزگار بوون، بەڵام زۆربەی کاتەکان یەکێك لەوان دەچوو بۆ سەفەر. ڕەنگە بە ڕاستی و یاخود بەڕواڵەت. کەمێك بەر لە کۆتایی ساڵ، برا بچووکەکە ڕایگەیاند کارێکی لە "بۆئنۆس ئایرێس" هەیە. کریستیان چووە مۆرون و لە حەوشەی خانوویەك کە ئێمە دەیناسین، ئەسپی بەڵەکی ئێدواردۆی ناسییەوە. چووە ژوورەوە. ئەوەی تر لەویٚ بوو و لە چاوەڕوانیی نۆرەی خۆی دا. وا دیارە کریستیان پێی کوت: "ئەگەر ئاوا درێژەی پیٚ بدەین، ئەسپەکانمان بە کوشت دەدەین، وا چاکە کارێکی بۆ بکەین".

ئەو لەگەڵ ژنە بەرپرسەکە قسەی کرد و چەند دراوێکی لە ژێر پشتوێنەکەی دەرهێنا و ئەو ژنەیان لەگەڵ خۆیان برد. خولیانا لەگەڵ کریستیان ڕۆیشت و ئێدواردۆ ئەسپەکەی دایە بەر قامچی بۆ ئەوەی ئەوان نەبینیٚ.

هاتنەوە سەر داب ودەستووری جارانیان. ڕێگاچارە زاڵمانەکەیان شکستی هێنابوو. هەردووکیان لە بەرامبەر وەسوەسەی ئاشکرا کردنی سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان، تەسلیم ببوون. شوێن پێی قابیل دەدیترا بەڵام پەیوەندی و هۆگریی نێوان ویلسۆنەکان زۆر بەهێز بوو. ـ کیٚ دەزانیٚ کە ئەو جووتە بە یەکەوە لە چ کێشەو گرفت و مەترسیگەلێك تێپەڕیبوون ـ و وایان پیٚ باشتر بوو داخی دڵ و تووڕەییەکەیان بە سەر کەسانی تر دا بڕێژن. بە سەر سەگەکان یا بەسەر خولیانا کە دووبەرەکی هێنابووە ناو ماڵی ئەوانەوە.

مانگی مارس بەرەو کۆتایی بوو بەڵام هێشتا هەوا گەرم دانەهاتبوو. رۆژێکی یەکشەممە (یەکشەممانە وا باو بوو کە زووتر بچنە ناو پێخەفەوە) ئێدواردۆ کە لە باڕی گەڕەك دەگەڕاوە، کریستیانی دیت گایەکانی بە عەربانەوە بەستووە. کریستیان پێی کوت: "خێرابە دەبێ چەند پێستێك بەرین بۆ دوکانی پاردۆ. من بارم کردوون. وەرە هەتا هەوا فێنکە کارەکەمان وەپێش خەین".

پێم وایە شوێنی پاردۆ لە باشووری ئەوێ بوو. رێگای "لاس ترۆ پاس"یان گرتە بەر پاشان بەرەو جادەیەکی لاڕێ لایان دا. دیمەنەکانی دەوروبەر بە ئارامی لە ژێر چارشێوی شەو دا دەشاردرانەوە.

گەیشتنە قەراغ لێرەواڕێکی چڕ. کریستیان ئەو جگەرەیەی کە دایگیرساندبوو فڕێی دا و لەسەرەخۆ وتی: "براله با خەریك بین. دواتر قەل و داڵ یارمەتیمان دەدەن. ئەورۆ کوشتم. لێگەڕێ با بە هەموو چاکەکانییەوە لێرە بمێنێ و لەوە زیاتر زیانمان پێ نەگەیەنێ".

لە حاڵێکدا کە فرمێسکیان دەڕشت یەکتریان لە باوەش گرت. ئێستا ئیتر هەودایەکی تریش ئەوانی لە یەکتر نزیك کردبۆوە و ئەویش ژنێك بوو کە بە شێوەیەکی خەمبارانە ببوو بە قوربانی و هەروەها پێویستییەکی هاوبەش بۆ لەبیرکردنی ئەو.

١- ماتە: چای گواتمالایی.